www.kurdistannet.org
24-1-2007 22:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خولی هەژدەهەمینی کەنداوی عەرەب ... ئەنوەر خەراجیانی

کۆتایی هێنا بە یاریەکانی قۆناغی یەکەم، هەڵبژاردەی ئیمارات (A) ئەمرۆ 23 / 1 / 2007 گروپی ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی کوێت بوو لە یاریەکی زۆرسەختدا لە خولەکی یەکدا یاریزانی ئیسماعیل مەتەر گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد هەردوو هەڵبژاردە هێرشی چڕوو پڕیان دە بردە سەر هۆڵی یەکتر لە خولەکی 31 دا یاریزان بەدر ئەلمتەوع گۆڵی یەکسانی تۆمارکرد دوات دوو خولەکی تر ئیمارات گۆڵێکی تری تۆمارکرد (فەیسەڵ خەلیل) لە خولەکی 35 دا فەهد ئەلفەهد یاریەکەی یەکسان کردەوە بۆ جاری دووەم، کوێت بەم ئەجامە ماڵئاوی دە کات لە خولی 18 ی کەنداو هەر بۆیە لە گێمی دووەمدا زیاتر هێرشەکانیان چڕوو پڕتر کردە سەر گۆڵی ئیمارات تا بتوانن سەرکەوتن دەستەبەر بکەن و بگەنە قۆناغی دووەم لە خولەکی 91 دا ئیمارات گۆڵی بردنەوەو سیهەمی تۆمار کرد بەم بردنەوەیە ئیمارات بوو بە دووەمی گروپەکە، یاری دووەم لە نیوان هەڵبژاردەی عومان و یەمەن بوو ئەم یاریەش کۆتایی هات بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك بۆ یەمەن، عومان لە سێ یاریدا 9 خاڵی دەستەبەر کرد
لەم گروپەدا کوێت و یەمەن ماڵئاوا، عومان و ئیمارات بۆ قۆناغی دووەم.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

هەڵبژاردە	یاری	بردنەوە	یەکسان	دۆڕاندن	گۆڵ کردن	گۆڵ	خاڵ
عومان	3	3	0	0	6	3	9
ئیمارات	3	2	0	1	6	5	6
کوێت	3	0	1	2	4	6	1
یەمەن	3	0	1	2	3	5	1

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.